# موژده بەهارە ئەحمەد دەشتی



موژدە وادیسان بەهاریڕەنگین
هاتەوە جوانیسروشتی زەمین
سەوزەشینبۆوەلەوسەرو دۆندە
سەیریکوردستانشیرینو ڕەندە
ئاوازی شادی واخۆ دەنوێنی
سەرماوسۆڵنەماچیترهەڕمێنی
هاتەوە نەورۆز خاکە لێوەیە
بەهاری ئیمساڵ شادی پێوەیە
وەکو سالانی ڕابوردووم نیە
نیشتمانەکەم ژێر دەستە نیە
باشوریجوانی کوردستانی من
ئەمڕۆدەگێڕێ جەژنیشادی من
وابەسەرشۆڕی دوژمنانی کورد
ڕیسواوڕەزیلنخڕدروشت و ورد
نەماوە دیسان بێنەوە گژمان
ئەنفال و کیمیا بێننەوە دژمان
واشیندەگێڕن گشتداگیرکەران
بوونەتە پەندی ژانی ڕۆژگاران
هەروەک شکاوە سوپای کڕیوە
نەیارییش ئاوا مەرگی لەڕێوە
لەدۆلوچیاو دەشتی نەخشینم
وا دێ ئاوازی سەربەخۆ بوونم
گشتکارەساتوڕۆژگارانی دوون
کرا بەپەندو ئاوازی یەکبوون
جەژنینەورۆزم کەڕۆژی کوردە
پیرۆزبێلەوەی کەپاک ومەردە
هەرکێشنۆکەروپەستوتەرەسە
خوایەکوێریکەیهەرکێناکەسە
پێکەوە دەڵێین بژی کوردستان
بمرن خائین ونەیار و پەستان
ئالای ڕەنگینمان بەرزودیار بێ
هەموڕۆژجەژنیسەربەخۆییبێ

*

نەورۆزی 2006 تاراوگە - بەرلین – ئەلمایا